# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سوور نەبوو لەسەر پارێزگاری کردن لە ئەنجامدانی هیچ یەکێک لە نوێژە سونەتەکان وەکو سوور بوونی لەسەر پارێزگاری کردن لە ئەنجامدانی دوو ڕکاتی سونەتی پێش نوێژی بەیانی

لە عائیشەی کچی ئەبوبەکری سدیقەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سوور نەبوو لەسەر پارێزگاری کردن لە ئەنجامدانی هیچ یەکێک لە نوێژە سونەتەکان وەکو سوور بوونی لەسەر پارێزگاری کردن لە ئەنجامدانی دوو ڕکاتی سونەتی پێش نوێژی بەیانی». ولە گێڕانەوەیەکدا: «دوو ڕکاتی سونەتی پێش نوێژی بەیانی خێرتر وباشترە لە دونیا وئەوەی تێیدایە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە گرنگی دوو ڕکاتی سونەتی پێش نوێژی بەیانی دەردەخات، عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- زۆر جەختی کردووەتەوە لەسەر ئەم دوو ڕکاتە وگرنگی پێداوە و باسیانی بە مەزن داناوە ئەمیش لە ڕێگەی کردەوەکانیەوە، وزۆر پێداگیر بوو لەسەر پاراستنی ئەنجامدانی ئەم دوو ڕکاتە لە پێش نوێژی بەیانی بە بەردەوامی، وبە وتە باسیکردووە کە فەرموویەتی ئەنجامدانیان خێرترە لە دونیا وئەوەی تێیدایە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3440

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee